### بە بۆنەی داگیرساندنی مۆمی شازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# شایەتییەکی بەخێر بۆ (ڕامان)

**د. هیمدادی حوسێن**

ڕۆژنامەنووسیی کوردی، لە ڕۆژگارێکدا تۆمارێکی زیندووی ژیانی ڕۆشنبیریی کۆمەڵی کوردەواری بوو، کە هێشتا چاپ و چاپەمەنی و کتێب بەشێوەیەکی بەرفراوان لەناوەندی ڕووناکبیریی کوردیدا بڵاونەببۆوە، لەبەر ئەوە ببووە سەکۆیەک بۆ وتوویژ و بڵاوکردنەوەی دەقی ڕەخنەی ئەدەبی، بۆیە سەیر نییە بڵێین سەرەتا دەسپێکی ڕۆژنامەوانیی لەلایەکەوە خاڵی وەرچەرخانێکی گەورە بوو بۆ هەنگاونان بەرەو مەدەنییەت، لەلایەکی دیکەشەوە لەباری ئەدەبییەوە، ئەگەر جاران پانتایی و ڕووبەری ناوەندی ڕۆشنبیریی هەر بە تەنیا شیعر بوو، ئیدی ژانرەکانی پەخشان بە هەرمێن کەوتن.

لە مێژووی ڕۆژنامەوانیی کوردیدا، هەندێ ڕۆژنامە و گۆڤار ناوێکی درەوشاوەن، بەهۆی ئەو کەسانەی بەرهەمی داهێنەرانەیان تێدا بڵاوکردۆتەوە، یان بەهۆی ڕۆڵی دیار و بەرچاویان لە کایەکانی ئەدەبی کوردیدا، وەکو ڕۆژنامەی (کوردستان) و (ژیان) و (ژیانەوە) و گۆڤارەکانی ژینی ئەستەمبۆل و گۆڤاری ڕۆژی کورد و گەلاوێژ و هیوا و شەفەق...تاد لە سەردەمی نوێشدا من یەک بە باری خۆم ئەو شاهێدییە بۆ گۆڤاری (ڕامان) دەدەم، کە وەک گۆڤارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری کوردی ڕۆڵێکی دیاری لە بڵاوکردنەوەی دەقی ئەدەبی زیندوو و ڕەخنەی ئەدەبی و هەڤپەیڤینی ئەدەبی و هونەری و دەق و ڕەخنەی درامی و هونەری شێوەکاری و ژانرە ئەدەبییەکانی دیکەدا بینیوە، من شانازی دەکەم، لە سەرەتاکانی بڵاوکردنەوەی ئەو گۆڤارەوە هاوکاری بوومە و بەرهەمی خۆمم تێدا بڵاوکردۆتەوە.

وەک مامۆستایەکی زانکۆ لە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی و لە کاتی سەرپەرشتیاری کردنی خوێندکارانی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا هەمیشە ڕێنماییم کردوون، کە گۆڤاری (ڕامان) شایستەی ئەوەیە وەک سەرچاوەیەکی بەپێز پشتی پێ ببەسترێ، چ ئەو تەوەرانەی لە بابەت باری ڕۆشنبیری و بابەتە هەنووکەییەکانەوە بێ، چ ئەو لێکۆڵینەوە ئەدەبییانەی لە مەڕ ئەدەبیاتی کوردی و جیهانییەوە نووسراون و وەرگێڕدراون.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی (ڕامان) ئەوەیە، هەموو ئاستە جیاوازەکانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی لەخۆ گرتووە، لەبەرهەمی لاوان و ژنان و نەوەی پێشوو و نوێ و هاوچەرخ. هەروا بێتەوە سنوورێکی کوردستانی هەیە و بەرهەمی پارچەکانی کوردستانی لەخۆ گرتووە، گۆڤارێکی پاکە و بەزەوق و چێژێکی هونەرییەوە گرێدانێکی دەنێو شیعر و شێوەکاری و تابلۆی هونەریدا دروست کردووە.

لەباری زمان و ڕێنووسیشەوە، هەوڵ و ماندووبوونی پێوە دیارە و پەرۆشیی یەکخستنی زاراوە و ڕێنووسێکی یەکگرتوو دەبینرێ و بەدەگمەن هەڵەی چاپی تێدایە، سەرسامیشم بەو بەڵێنەی بەخوێنەرانی خۆی داوە، بە دیقەت ڕۆژی پێنجی مانگان لە کاتی خۆی دەکەوێتە بازاڕەوە.

پیرۆزبایی و دەستخۆشی لەکاک (ئازاد عەبدولواحید) و ستافەکەی دەکەم، نایشارمەوە وەکو (ڕامان)ی کوڕم گۆڤاری (ڕامان)یشم خۆش دەوێ.. لە باکراوەندی ڕۆشنبیریی ئێمەومانان‌دا خاڵێکی گەشی زەمینەی ڕۆشنبیریمانە، سەرکەوتوویی و بەردەوامی بۆ گۆڤاری (ڕامان).

